


# هاتن بۆ نەرویج

# Coming to Norway

Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran
5
کوردی ckb / English en




لە مانگی 12ی 2016 من و دوو براکەم هاتینە نەرویج. ئێمە جلوبەرگی هاوینمان پۆشیبوو چونکە وامانزانی لە نەرویجیش گەرمیە و وەک لە سۆماڵ وایە. هەرچۆنێک بێت، کاتێک گەیشتینە فڕۆکەخانە، بەفر دەباری. ئێمە سەرمان بوو و کەشەکەش تەزی بوو. لەگەڵ ئەوەی چەند جانتایەکمان هێنابوو، ئەوان تەنها جلی هاوینمانیان تێدا بوو.

• • •

My two brothers and I came to Norway in December 2016. We wore summer clothes because we thought it would be as warm in Norway as it was in Somalia. However, when we arrived at the airport, it was snowing. We were cold and the weather was chilly. Although we had brought a few suitcases, they only had summer clothes in them.



هەرچەندە سارد بوو، من دڵخۆش بووم ئەو کاتەی هاتینە نەرویج. لەکۆتاییدا دووبارە دایکم دەبینم، کە بۆ شەش ساڵ نەمبینیبوو. دایکم و دوو لە هاوڕێکانی پێشوازیان لێکردین. کاتێک بینیمان لە خۆشیان گریاین. بەرەو ئەو شارۆچکە بچووکە لێمانخوڕی کە دایکم لێی دەژی.

• • •

Even though it was cold, I was very happy when we came to Norway. I would finally meet my mum again, whom I had not seen for six years. My mum and two of her friends met us. When we saw her, we wept with joy. We drove to the small town where Mum lives.



ڕۆژەکانی سەرەتا لە شارۆچکەکەی دایکم زۆر سەیر بوون. سارد و بەفراوی بوو و شتی زۆر نەبوو تا بیانبینین. شەقامەکان بەتەواوی خاڵی بوون. ئەو خەڵکە کەمەی کە بینیم سارد و ناحەز بوون. لە سۆماڵ لە هەموو شوێنێک خەڵکی لێبوو، بۆیە هەموو شتێک لێرە نائاشنا دیار بوو. دایکم و هاوڕێکانی هەندێک دیارییان بە ئێمە دا، ئەوجا ئێمەی برد بۆ کڕینی جلوبەرگی زستان.

• • •

The first days in Mum’s town were very strange. It was cold and snowy and there was not much to see. The streets were completely empty. The few people I met seemed cold and unfriendly. In Somalia there were people everywhere, so everything felt unfamiliar here. My mum and her friends gave us some presents, and then she took us to buy winter clothes.



دوای پشووەکانی سەری ساڵ پەیوەندیم بە خولێکی زمانی نەرویجی کرد لە سەنتەرێکی پەروەردەیی پێگەیشتووان. من بۆ دوو ساڵ لەوێ خوێندم بەر لە چوون بۆ قوتابخانەیەکی ئاسایی. ئێستا من لە کۆتا ساڵم دام، وە کۆمەڵێک هاوڕێی نوێم پەیدا کردووە. من زۆر کۆمەڵایەتیم و چێژ دەبینم لەناسینی خەڵکی تر.

• • •

After the Christmas holidays I joined a Norwegian course at the adult education centre. I studied there for two years before starting in an ordinary school. Now I am in my final year, and I have made many new friends. I am very sociable and enjoy meeting other people.



دوای قوتابخانە دەچمە ناوەندێک کە لەلایەن خۆبەخشانەوە بەڕێوەدەچێ کە لەوێ یارمەتی وەردەگرم بۆ ئەرکی ماڵەوەم. هەروەها پەیوەندیم بە خولێکی دروومانیشەوە کردووە لەناوەندەکە.

• • •

After school I go to a centre run by volunteers where I get help with my homework. I have also joined a sewing course at the centre.



لە سۆماڵ هەرگیز نەچووم بۆ قوتابخانە و هیچ خولێکم نەبینیوە جگە لە قوتابخانەی قورئانی. نەمدەزانی چۆن بخوێنمەوە یان بنووسم. ئێستا فێربووم چۆن بنووسم بە هەردوو زمانی سۆماڵی و نەرویجی، لەگەڵ چەندین بابەتی تر. بەبێ خوێندن هەستم دەکرد کە من هیچ کەسێک نیم. ئێستا هەست دەکەم کە زانیاریم هەیە و دڵخۆشم.

• • •

In Somalia I never went to school or did any courses except Quran school. I did not know how to read or write. Now I have learned how to write in both Somali and Norwegian, and many other subjects. Without education I felt I was nobody. Now I feel knowledgeable and happy.




ساڵی داهاتوو دەست دەکەم بە قوتابخانەی ناوەندی لە بەشی گەشەپێدانی
تەندروستی و گەنجان. دەمەوێ لە داهاتوودا ببم بە کارمەندی کۆمەڵایەتی گەنجان.
کاتێک خوێندنەکەم تەواوکرد خەونم ئەوەیە کارێکی بەردەوامم دەستکەوێت.
هەروەها دەشمەوێت فێری شۆفێری ببم و مۆڵەتی شۆفێری وەرگرم.

• • •

Next year I will start secondary school in the health and youth development section. In the future I want to become a youth worker. When I have finished my education, my dream is to get a permanent job. I also want to learn how to drive and get my driver’s licence.



ئەگەر لە سۆماڵ بمایەتمەوە، پێموایە ئێستا دەبوومە دایک. لەوانەیە ئێستا چەند منداڵم هەبووایە. ئەگەر لە سۆماڵ بوومایە، هەمان ئەو هەلانەم نەدەبوو کە ئێستا هەمە. هەست دەکەم بە بەختم کە لە نەرویج دەژیم.

• • •

If I had stayed in Somalia, I think I would have been a mother by now. Perhaps I would already have many children. If I had been in Somalia, I would not have had the same opportunities as I have had now. I feel lucky to live in Norway.

# LIDA Stories

lidastories.net

## هاتن بۆ نەرویج

## Coming to Norway


Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran (ckb)


CC BY